
**مەهاباد قەرەداغی:**

# کاتاسترۆفی ئەنفال ژەهرەوزەی لە کارمای مرۆڤی کورد دا چاند



ئێمە فێربووین بە ئەنفال بڵێین کارەسات. کارەسات گەورەیە، وەلێ لەو قەوارەیەدا نییە بتوانێت ببێتە چوارچێوەیەکی کۆگرەوە و فراوان بۆ پەلامارەکانی ئەنفال، چونکە فرەڕەهەندی و لێشاوی ڕووداو و کارەساتی ناو ئەنفال پێمان دەڵێت ئەنفال کاتاسترۆفێکی مرۆیی گەورەیە و پێویستە لە قەوارەی خۆی بناسرێ و بناسێندرێت.

کاتاسترۆف با دەستەواژەیەکی کوردیش نەبێت، دەشێ ئێمە بەکاری بهێنین چونکە پڕ بە پێستی پەلامارەکانی ئەنفالە، بریتییە لە کارەساتگەلێکی فرەڕەهەندی نێو کارەساتێک، یان کارەساتێک کە چڕوپڕە و زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە و کاریگەری نزیک و دوورمەودای دەبێت. ئەنفالیش کارەسەتگەلێ بوو، کاریگەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و دەروونی، ڕۆحی و ئایینیشی دانا لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد. ئەنفال جگە لەوەی لە مەودای کورتی ساڵی 1988 دا ئامانجی کۆمەڵکوژی گەلی کوردی پێکا و سەدان هەزار مرۆڤی لە توخم و تەمەن و چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگەی کورد کوشت، وێڕای ئەوەش لە دوورمەودادا گەلێ کاریگەری دەروونی سامناکی هەبوو، کە ئێستا دوای نۆزدە ساڵ تاک و تەرایەکمان لە ئاکامەکەی دەکۆڵینەوە و لە مەترسییە درێژخایەنەکانی تێدەگەین. مرۆڤ تا لێی بکۆڵێتەوە ڕەهەندی تازەتر لە کاتاسترۆفی ئەنفال دەدۆزێتەوە، دەشێ ڕەهەندی قوڵایی ئەنفال دنیایەک وردەکاری تێدا بێت و تەنها بە فەنتازیای باڵای لێکۆڵەرە وردبین و ئەکادیمییەکان بدۆزرێنەوە، بەڵام کوانێ دوای نۆزدە ساڵ ناوەندێکمان بۆ لێکۆڵینەوەی کاتاستڕۆفی ئەنفال هەیە؟!!

ئێمە ئەگەر بە وردی و بە چاویلکەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی سەرنج لە سیما و لە وتەکانی یەک بە یەکی شاهێد و سکاڵاکارانی دادگای سەددام لە پرسی ئەنفال دا بکەین، سەرەداوی زۆرمان دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی لە قوڵایی ئەو پیلانە بگەین کە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا پیادەی کرد. ڕژێمی بەعس نەیویست هەموو گەلی کورد لە ڕووی فیزیکییەوە لەناوبەرێت، بەڵکە ئەو نموونەیەکی هەڵبژارد و کردنی بە هەوێنی وێرانکردنی دەروون و کارمای نەتەوەیەک.

ڕژێمی بەعس ڕووخا، سەددام خۆی لە سێدارە درا، عەلی کیمیاییش نەخشەکێشی ئەنفال لە ڕێگادایە بەرەو دۆزەخ، بەڵام بە تەواوبوونی ئەوانیش ئامانجە دوور مەوداکەی بەعس بەو میکانیزمە ترسناکەی کە دایان نابوو، کارایە و بەردەوامە لە وێرانکردنی ڕۆحی و دەروونی مرۆڤی کورد بە گشتی نەک تەنها کەس و کاری ئەنفالکراوان، ئەگەر ئێمەی کورد خۆمان، واتە دەسەڵاتی کوردی میکانیزمی هاودژی نەبێت بۆ پوچەڵکردنی پیلانەکانی ئەنفال و ئامانجە دوورمەوداکەی. ئەو پیلانەی سەددام لە چوارچێوەی ئەنفالدا دانابوو، تەنها ئەوە نەبوو کە لە ساڵی 1988 جێبەجێکرا، بەڵکە هەزاران (مین)ی دەروونی لە کێڵگەی ڕۆحی (واتە لە کارمای)

مرۆڤی کورددا نایەوە و کە سالانێکی زۆر زۆر و بەردەوام مینەکان لە دەروونی ئەم و ئەودا دەتەقێنەوە و کاریگەری لەسەر هەمووان بە جێ دەهێڵن. کێ دەڵێ شەڕی ناوخۆیی لە ئەنجامی هەڵقولانی ئەو ژەهرەوزانەوە نەبوو کە سەددام لە ساڵی 88 دا لە دەروونی هەموو کوردێکی چاند؟ کێ دەڵێ پەتای گەندەڵی لە ڤایرۆس و میکرۆبەکانی ئەو ژەهرەوزانەوە نەهاتوون؟! ئێمە تەنها بە لێکۆڵینەوە و ڕامان دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامانە.

کارمای مرۆڤ کە دەستەواژەیەکی دەروونناسییە بریتییە لە کێڵگەی ڕۆحی مرۆڤ. ئەم کێڵگەیە هەرچی تیا بچێنی ئەوەی لێ شین دەبێت، ئەگەر تۆوی ڕقی تیا بچێنی بەردەوام وزەی ژەهراوی بەرهەم دەهێنێ و دەیبەخشێتەوە بەسەر ئەوانی تردا و وێرانیان دەکات و تروسکەیەک ڕووناکی لە دەروونددا ناهێڵێت. بە بڕوای من و بە تەفسیرێکی دەروونناسیانە، ئەنفال کاتاسترۆفێک بوو کە وەک بۆمبایەکی ئەتۆمی ژەهرەوزەی تەقاندەوە و هەموو مرۆڤێکی کوردی گرتەوە، تەنانەت هی بەشەکانی دیکەی کوردستان و هی کوردانی هەموو دنیاش،چونکە سیفەتی وزە وایە و پەرش دەبێتەوە و لەمبەری دنیاوە بۆ ئەوبەری دنیا دەگەڕێ و مرۆڤە مەبەستەکان دەدۆزێتەوە و گیرۆدەیان دەکات و کاریگەری خۆی دادەنێت.

بە بڕوای خۆم و لە چاویلکەیەکی وزەبینییەوە، ئەو ژەهرەی لەو بۆمبایەوە تەقییەوە، کاریگەری زۆر دژوارتری هەبوو لەو مادە کیمیاییانەی وەکو خەردەل و سیانین و هتد، چونکە کاریگەری ژەهرەوزە بێسنوورە و بەردەوامە تا ئەو کاتەی بەرنامەیەکی بنبڕی بۆ دادەنێیت. ئەو ژەهرەوزەیە هێشتا لە کوردستانی ئێمەدا کارایە و قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن و بەربەستکردنی دانەهێنراوە. داهێنانی ئەو قەڵغانە گشتییە ئەرکی سەرکردەکانە لە ڕووی سیاسییەوە، ئەرکی پسپۆرانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیە لە ڕووی بەرنامەدانانەوە بۆ پاککردنەوەی کارمای یان (کێڵگەی ڕۆحی) مرۆڤی کورد. ئەوە بەرپرسیارێتی مێژوویی و مرۆیی حکومەتی کوردستانە کە بەرنامەی زانستی هەبێ بۆ ئەو مەبەستە. دەزگایەک یان وەزارەتێک بە ناوی شەهیدان و ئەنفالەوە دەشێ هەندێ کێشەی ڕۆژانەی زۆر بچوک چارەسەر بکات، چەند عانەیەک مووچە بداتە پاشماوەی ئەنفالەکان، لە ڕاگەیاندندا باسی ئەنفالەکان بکات، بەڵام نەک ئەمانە سەدان دەزگای وا ناتوانێ هێندەی تیمێک لە پسپۆرانی لێهاتوو کە شارەزاری کێڵگەی دەروونی مرۆڤن و وزەناسن، کارمای مرۆڤی کورد پاک بکاتەوە لە ژەهرەوزەی پەلامارەکانی ئەنفال.